https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.11

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# لێکەوتەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، منداڵە ونبووەکان بە نموونە

م. عادل صدیق عەلی        م. ی. چێنەر فەتاح مەحمود

زانکۆی هەڵەبجە

adl.ali@uoh.edu.iq        chenar.mahmood@uoh.edu.iq

**پوختە:**

ڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، یەکێک بوو لە دوا ئەڵقەکانی جەنگە ماڵوێرانکەرە هەشت ساڵییەکەی ئێران ـ عێراق، بۆ کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەشی یەکێک بوو لە کارەساتە پڕ تراژیدییەکانی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو، کە تیایدا کورد و خاکەکەی زۆرترین قوربانییان دا، بەبێ ئەوەی بەشێک بن لە ململانێ مێژوویی و درێژخایەنەکەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، ڕووداوێک کە نەک هەر بۆ کورد خۆی، بەڵکو بۆ تەواوی جیهانیش شۆکێکی گەورە بوو. ڕووداوەکە دەرهاویشتەی هەمەجۆری لە دوای خۆی بەجێهێشت. ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە یەکێک لە لێکەوتە درێژخایەنەکانی دەکات، کە ئەویش بریتییە لە بابەتی ونبوونی منداڵانی ناوچەکە لە کاتی ڕووداوەکەدا، ئێمە لێرەدا بەپێی چوارچێوەی کارەکە ناوەڕۆکەکەیمان بەسەر دوو بەشدا دابەشکردووە، لە بەشی یەکەمدا هەڵوەستەمان لەسەر کات و شوێن و هۆکاری ونبوونی منداڵەکان و دوایین ئاماریان کردووە، لە بەشی دووەمیشدا تیشکمان خستووەتە سەر گرفتەکانی بەردەم دۆزینەوەیان، لەگەڵ ئەو کێشانەی کە دوای گەڕانەوەیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

**وشە کلیلییەکان:** هەڵەبجە، کیمیاباران، منداڵ، ونبوو، ئێران و دۆزینەوە.

**لێکەوتەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، منداڵە ونبووەکان بە نموونە پێشەکی**

**گرنگیی توێژینەوەکە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمینجارە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستییەوە تیشک دەخرێتە سەر کەیسی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە، ئەویش دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیە بەسەر ڕووداوەکەدا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هۆکاری بنەڕەتی و بنچینەیی بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؛ کە تاوەکو ئێستا وەک پێویست توێژینەوەی زانستی لەبارەی دەرهاوێشتە قووڵ و درێژخایەنەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە نەکراوە، کە یەکێک لەوانە بابەتی منداڵە ونبووەکانە. بابەتەکە دوای نزیکەی چارەکە سەدەیەک لە ڕووداوەکەدا ئینجا کەوتەوە نێو باس و سەرلەونوێ زیندووکرایەوە، ئەوانەشی کە لەم بوارەدا کاریان دەکرد وەک پێویست ئاگاداری کەیسەکە نەبوون، بەوهۆیەشەوە هەڵەی زۆر لە کۆی پرۆسەکەدا ڕوویدا، ئێمە ویستمان لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە بە وردی تیشک بخەینە سەر کۆی بابەتەکە و هۆکاری دەرئەنجامەکانی کەیسەکە بخەینەڕوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ ئەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە سوود لە زۆرترین سەرچاوەی پەیوەست بەم بابەتە وەربگیرێت، بەتایبەت سەرچاوە یەکەمینەکان، دواتریش لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی شیکاریی مێژووییەوە شەنوکەوی کۆی زانیارییەکان کراوە و لە دوتوێی توێژینەوەیەکی زانستی پوختدا کۆی بابەتەکە خراوەتەڕوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە یەکێک لە لێکەوتە قووڵ و درێژخایەنەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە (١٩٨٨/٣/١٦)

دەکـات، کـە ئـەویش بریتییـە لـە بابـەتی ونبـوونی منـداڵانی شـارەکە و سـنوورەکە لـەکاتی کارەسـاتەکە و ڕۆژانـی دواتـردا، ئێمـە لێـرەدا بـەپێی چوارچێوە و ڕووبـەری کارەکـە نـاوەڕۆکی توێژینەوەکـەمان بەسـەر دوو بەشـی سـەرەکیدا دابەشـکردووە، لـە بەشـی یەکەمـدا زۆر بـە وردی هەڵوەسـتەمان لەسـەر کـات و شـوێن و هۆکـاری ونبـوونی منداڵـەکان و ژمـارە و دوایـین ئامـاریـان کـردووە، لـە بەشـی دووەمیشـدا تیشـکمان خستووەتە سەر گرفت و لەمپەرەکانی بەردەم دۆزینەوەیان، لەگەڵ ئەو کێشـانەی کـە دوای گەڕانـەوەیان لـەناو خێـزان و بنەماڵەکانیانـدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

**سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە بە پلەی یەکەم کەڵک لە سەرچاوە ڕەسەنەکان وەربگرین، چونکە بۆ کارێکی لەم چەشنە توێژەر بەر لە هەرشتێک ئاتاجی بەو سەرچاوانەیە، بۆئەوەی زۆرترین زانیاری لە خودی قوربانییەکان یاخود لەو کەسانە وەرگرین کە لەناو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژنەدابوون و بەشێک بوون لە پرۆسەکە، لەو ڕووەوە یاداشت و بیرەوەرییەکان و چاوپێکەوتن لەگـەڵ خـودی قوربانییـەکان و کەسـوکاریان باشـترینی سـەرچاوەی زانیارییـەکان بـوون بـۆ نوسـینی ئـەم توێژینەوەیـە. گرنگتـرین سـەرچاوە بـەکاهاتووەکانیش بـریتین لـە (ئیبـراهیم هـەورامانی: کامـەران نـەورۆز یاداشتەکانی شاهیدحاڵێک؛ شەوکەتی حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨؛ عومەر عەبدول: زەوارە مرۆڤێک دووجار شەهید (شاهیدحاڵی کارەساتی ١٩٨٨/٣/١٦)؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لـەناو بازنـەدا دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨؛ هیدایەت الله بهبودی: بەرەو هەڵەبجە؛ د. هێرش محەمەد ئەمین: لە هەڵەبجـەوە بـۆ نوگرەسـەلمان؛ یاسـین ڕەسـوڵ عوسـمان: ئـاوازی مـەرگ سەمای هەڵەبجەییەک لەگەڵ بۆنی سێودا؛ یداللە ایزدی: بمباران شیمیایی

حلبچه، تكرار فاجعه هيروشيما؛ ميدل ئيست وۆچ: جينۆسايد لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد)، هەورەها زۆربەی ئەو کەسانەشی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە یان منداڵی ونبوون، یان کەسوکاری پلەیەکی منداڵەکانن و یاخود شاهیدحاڵی ڕۆژانی ڕووداوەکەن.

## بەشی یەکەم/ هۆکار و ئامارەکانی ونبوونی منداڵەکان:

### باسی یەکەم/ هۆکارەکانی ونبوونی منداڵەکان

دوای دەستپێکردنی هێرشی هاوبەشی ئێران – پێشمەرگە لە شەوی ١٢_١٩٨٨/٣/١٣ بۆ سەر ناوچەکانی هەورامان و هەڵەبجە و شارەزوور (چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ حەمەی حەمەسەعید، تەوێڵە، ٢٠١٣/٥/١١؛ چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، گوڵەخانە، ٢٠١٣/١١/٢٥)، خەڵکی ناوچەکە ڕووبەڕووی ترس و شڵەژانێکی گەورەبوونەوە، ترسی کاردانەوەی ڕژێم ئەوانی خستە بیری ئەوەی کە هەوڵی چوونە دەرەوە لە شار بدەن، بە شێوەیەک بەشێکیان هەوڵیاندەدا بە ئاڕاستەی شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم هەڵبێن، زۆرینەی خەڵکیش هەوڵیاندەدا ملی ئەو ڕێگایانە بگرنەبەر کە دەیانگەیەنێتە سنوورەکانی ئێران و دواتریش چوونە ناو ئەو وڵاتەوە (حاجی مشیر، ١٩٨٨: ١٤٤؛ بابان، ٢٠٠٢: ٤٤٢-٤٤٣)، لێرەوە لێکترازانی ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکان لە یەکتری دەستیپێکرد، بۆ نموونە هەندێک خێزان چەند کەسێکیان چوونەتە ئێران، بەڵام ئەندامێک یان چەند ئەندامێکیان لەگەڵ کەسوکارەکانی تریاندا بەر لە کیمیاباران ئاوارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بوون. (ساڵح، هەڵەبجە: ٢٠١٧/٣/٢٨) لەمبارەیەوە سوعاد ڕەحیم دەڵێت:" ئێمە یەکێک بووین لەو دەیان و سەدان خێزانەی هەڵەبجە کە لە کاتی ڕووداوەکەدا خێزانەکەمان دووچاری لێکترازان و دابڕان بووەوە، بە شێوەیەک خۆم و هاوسەرەکەم

و براژنێک و دوو منداڵی ئاوارەی ئێران بووین، لە کاتێکدا سێ کوڕ و کچێک و براکەم ئاوارەی ئۆردووگای زۆرەملێی زەڕایەن بوون، ئەو دابڕانەمان حەوت مانگ درێژەی کێشا". (ڕەحیم، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٣/٢١)

بەڵام کارەساتە گەورەکە (١٩٨٨/٣/١٦) و دابڕانی گەورە لە ڕۆژی یەکەمی کیمیاباران و ڕۆژانی دواتردا ڕوویداوە، گەورەیی کارەساتەکە بە جۆرێک بوو لە دەرەوەی پێشبینییەکانی خەڵک و هێزی پێشمەرگە و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بوو (عەلی، ٢٠١٨: ٣٤٩)، ئەوەش وایکرد بە سەدان خێزانی سنوورەکە دووچاری پەرتەوازەبوون و لێکدابڕان ببن. دەبێ بڵێین ئەوە هەر منداڵەکان نەبوون کە لە دایک و باوکیان دابڕابوون (ایزدی، بهار١٣٩٢: ٣٤)، بەڵکو گەورەکانیش ڕووبەڕووی هەمان حاڵەت بوونەوە. (عەبدولقادر، هەڵەبجە: ١٩/ ٢٠١٦/٣؛ (محەمەد، هەڵەبجە، ٢٠١٩/١/٢٥)

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە لێکترازان و ونبوونی ئەندامانی خێزانەکان لە یەک کات و جێگادا ڕوویان نەداوە، هەروەک هۆکارەکانی لێکدابڕانی ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکانیش زۆر و جۆراوجۆرن، کە بە کورتی دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ بکەین:

یەکەم/ گەورەیی کارەساتەکە، بەشێوەیەک هەر ئەندامێکی خێزان و بنەماڵەیەک لە بیری ڕزگارکردنی گیانی خۆیدا بوو، ئەوەش وایکردبوو کە هەر لە سەرەتای کاردانەوە سەربازییەکەی حکومەتی عێراقدا لێکدابڕانی ئەندامانی خێزانەکانی لێبکەوێتەوە.

دووەم/ بەشێک لەو منداڵانەی کە لە ڕۆژانی کیمیاباراندا ونبوون، لەناو شاردا برینداربوون و بەجێهێڵدراون یان لە ڕێگادا ونبوون، (مەحمود، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١٠/١٥؛ محەمەدئەمین، ٢٠١٢: ٥٦) چونکە

فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق جگە لە ڕۆژی یەکەمی کارەساتەکە ڕۆژانی دواتریش بە بەردەوامی بۆردومانی ئەو ڕێگایانەیان دەکرد کە خەڵکی گرتبوویانەبەر بەمەبەستی گەیشتنیان بۆ ناو خاکی ئێران، (حاجی مشیر، ١٩٩٨: ١٥٣-١٨٠) خێزان و کەسوکارەکانیشیان پێیانوابووە کە لە ژیاندا نەماون و گیانیان لەدەستداوە، بەڵام دواتر لەلایەن هێزی پێشمەرگە و تیمەکانی مانگی سوور و سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دوای دۆزینەوە و هەڵگرتنەوەیان چارەسەری سەرەتاییان بۆ کراوە و پاشان گوازراونەتەوە بۆ وڵاتی ئێران. (هەورامانی، ٢٠١٧: ٣٩)

سێیەم/ هەندێک لەو منداڵە ونبووانە دوای ئەوەی لە خێزانەکانیان دابڕاون یان تەواوی کەسوکارەکانیان لەدەستداوە (لەناو شار بووبێت یاخود لە دەرەوە)[١] لەلایەن خەڵکانی دیکە یاخود هێزی پێشمەرگە یان ئێرانییەکانەوە گوازراونەتەوە بۆ ئەو ئۆردووگا و شار و شارۆچکانەی ئێران کە ئاوارەکانی لێ گیرسابوونەوە یان نیشتەجێکرابوون[٢].

لەمبارەیەوە شەوکەتی حاجی موشیر دەڵێت: **"لە جادەی نەوسوود ـ تەوێڵەوە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی ئیسعافی ئێرانی هاتن، بە هەلیکۆپتەریش ئێران دەستیکرد بە گواستنەوەی بریندارەکانی ناوچەکە و خەڵک، لە چەند شوێنێک بنکەی تەندروستی و تیمی پزیشکییان دانابوو بۆ کۆکردنەوەی بریندارەکانی سنوورەکە و تیمارکردنیان و گواستنەوەیان، وەک لە دێی دەگا شێخانی نێوان بیارە و تەوێڵە، ملە مزیاری ناوچەی نەورۆڵی، لە گوندی ئەحمەدئاوای پشتی خورماڵ، ئەبێ ڕاستی بڵێین کە هیمەتێکی زۆر باشیان کرد و بە هەر چوارلادا بڵاوبوونەوە بۆ فریاکەوتنی بریندار و لێقەوماو و دەربازکردنیان، سەعات لە دوای سەعات سەیارە و ئیسعاف و ئیسعافی زۆرتر ئەهاتن و خەڵکی برینداریان دەردەکرد، هەلیکۆپتەرەکانیش وەستانیان نەبوو"**(حاجی مشیر،

١٩٩٨: ١٦٨-١٦٩؛ ئــەمین، ١٩٩٩: ١٤٧؛ ایــزدی، بهــار١٣٩٢: ١١-١٢). هــەروەها فــاروقی زەوارەش[٣] دەڵێــت:" **مــن نزیکــەی (٤٠) ئۆتــۆمبێلی فریاکەوتنم برد بۆ هەڵەبجە، چەند هەلیکۆپتەرێکیش لە پشتی خورماڵ نیشــتنەوە، ئۆتۆمبێلــەکان برینــدار و خــەڵکی ئاســاییان دەهێنــا تــا لای هەلیکۆپتــەرەکان ئــەوانیش دەیانگواســتنەوە بــۆ کرماشــان و شــارەکانی دیکەی ئێران**"(عومەر عەبدول، ٢٠١٤: ل٤٠-٤ ؛ بهبودی، ٢٠١٣: ٣٢-٣٣).

ئەوانـەیان کـە برینداربوون بـراون بۆ نەخۆشـخانەکان و ئەوانەشـیان تەندروسـتیان بـاش بـووە بـراون بـۆ دامـەزراوەکانی بنیـادی شـەهید و خانەکانی بێسەرپەشتان (بیهزستی) هـەتا سۆراغی کەسوکاریان دەکرێت. سەبارەت بـەم جۆرە حاڵەتـە فـاروقی زەوارە دەڵێت: "**چەنـدین منداڵ بێ سەرپەرشت بوون و لـە خێزانـەکانیان دابڕابـوون، کۆمـان دەکردنـەوە لـە شوێنێکدا، کە پێی دەوترێت (بونیادی شەهید) ... مانگی سوور و ئیدارەی تەندروستی پاوە لەگەڵ بونیادی شەهید ئەو منداڵانەیان دەپاراست هـەتا چارەیـەکیان بـۆ دەدۆززرایـەوە، ژمارەیـان نزیکـەی (٢٠٠ - ٣٠٠) منـداڵ دەبوو، لە کەرەنتینە (ئەو شوێنەی بەکاردەهات بۆ هێشتنەوە بە هۆکاری تەندروستی) لە نێوان میراوا و پاوەدا دانرابوون، دەمانزانی ئـەو منداڵانـە لەوکاتـەدا سەرپەرشـتیان نییـە، کەسـیان نییـە، بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە بـەردەوام خـەڵک دەهـات بـۆ دۆزینـەوەی منـداڵ و کەسـوکارەکەی، ژن دەهات پێمدەگووت ئەو منداڵە هی خۆتن، دەیگووت ئەم دووانە هی خۆم نین، لە ڕێگا بینیومن، لەڕێی خودا هەڵمگرتوونەتـەوە... تـا نزیکـەی (٤-٥) مانگ لەناو ئۆردوگاکانەوە خەڵک دەهات منداڵ و کەسوکاری دەبـردەوە، ئــەوەنــدە کارەســاتەکە گــەورەبوو، هــەبوو دوای ســێ مانــگ بیــری کەوتبوویەوە کە منـداڵی لـێ ونبـووە، بـە نموونـە دایکێک لـە ئۆردووگـای کـەنگاوەر دوای سـێ مانـگ هاتووەتـەوە سـەرخۆیی و هـات منداڵەکـەی بردەوە**". (عەبدول، ٢٠١٤: ٧٠-٧١)

پێویستە بڵێین، دوای ماوەیەک لە گیرسانەوە و نیشتەجێبوونی ئاوارەکان، بەهۆی سۆراغی کەسوکاری منداڵەکانەوە بووبێت یاخود ئیرانییەکان، زۆربەی زۆری ئەو منداڵانە بە کەوسوکاریان شادبوونەوە.

چوارەم/ فاکتەرێکی دیکەی دابڕان و ونبوونی بەشێک لە منداڵانی هەڵەبجە، دابەشکردنی ئاوارەکان بوو بەسەر ئۆردووگا و شار و شارۆچکەکانی ئێراندا[٤]، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەر چەند ئەندامێکی خێزانێک کەوتبوونە شوێنێکەوە و لێکدابڕابوون.

پێنجەم/ بە فەرمانی کاربەدەستانی باڵای ئێران بڕیاردرا ئەوانەی برینەکانیان سووکە هەر لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی تری پارێزگاکانی سنە و کرماشان چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەوانەیان کە برینەکانیان سەخت بوو ڕەوانەی تارانی پایتەخت و چەند شارێکی گەورەی تری ئێران کران[٥]، هەندێکیشیان نێردرانە دەرەوەی ئێران بەمەبەستی چارەسەرکردنیان (ایزدی، بهار١٣٩٢: ١٨؛ محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/١/٢٠)، لە مەی دواتریاندا ئێران مەبەستی بوو وڵاتانی جیهان لە نزیکەوە برینداڕەکانی چەکی کیمیایی و ڕادەی کاریگەریی کارەساتەکە بە چاوی خۆیان ببینن. بەوهۆیەشەوە ئەو منداڵانە لە خێزانەکانیان دابڕان، هەندێکیان پاش ماوەیەک لە چاکبوونەوەیان بەهۆی سۆراغی خێزانەکانیانەوە یاخود گەڕاندنەوەیان بۆ ناو خێزانەکانیان ئاشنابوونەوە بە کەسوکاریان (هەورامانی، ٢٠١٧: ٣٧-٤١)، سەرباری هەموو ئەوانەش ژمارەیەکیان بەهۆی سەختیی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەستدا، لە لایەک بەهۆی نەبوونی ناسنامە و لەلایەکی تر بەهۆی ئاگادارنەبوونی کەسوکاریان لە گیانلەدەستدانی منداڵەکانیان هەتا ئەمڕۆش لە چاوەڕوانیی دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی منداڵەکانیاندان[٦] (محەمەد، هەڵەبجە، ٢٠١٩/١/٢٥).

شەشــەم/ هەنـدێک لـە کەسـوکاری منداڵـە ونبووەکـان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە منداڵـەکانیان لـە ئێـران دزراوە یـاخود بـە تـۆپزی و دوور لـە چـاوی دامودەزگـا پەیوەندیـدارەکانی ئێـران منـداڵەکانیان لێـوەرگیراوە[٧]، ئـەوان بەڵگـەیان ئەوەیـە کـە منداڵـەکانیان لەگـەڵ خۆیاندا بردووەتـە ئێران، بـەڵام لـە کـاتی گیرسـانەوەیان لـە مزگـەوت و قوتابخانـەکان یـان لـەو نەخۆشـخانانەی ئێران کە چارەسـەری سـەرەتایی بۆ بریندارەکان کراوە لەلایـەن خـەڵکانێکی نەناسـراوەوە بـراون و دواتـر نەگەڕێنراونەتـەوە بـۆ خێزانـــەکانیان. (کـــەریم، ســـلێمانی: ٢٠٢٠/٨/٢٦؛ ســـەعید، هەڵەبجـــە: ٢٠٢٠/٨/٢٨؛ محەمەد، هەڵەبجە، ٢٠١٩/١/٢٥).

**باسی دووەم/ ئامارەکانی ونبوونی منداڵان**

بەهۆی گەورەیی کارەسـاتەکە و شـپرزەبوونی خـەڵک و دابەشـکردنی ئاوارەکـان بەسـەر شـار و شـارۆچکەکانی ئێرانـدا بـە هـەزاران منـداڵ لـە کەسـوکارەکانیان دابـڕان، ئـەو ئۆردووگـا و شـار و شـارۆچکانەش کـە ئاوارەکانی لێ نیشتەجێ کرابوون، هەندێکیان نەبێت ئەوانی دیکەیان دوور بـوون لــە یــەکترەوە و ســۆراغکردنی ئەنــدامانی خێــزانیش لــە ڕۆژانــی سـەرەتـادا کـارێکی ئاسـان نـەبوو (ئـەمین، ٢٠١٢: ٥٦؛ هـەورامانی، ٢٠١٧: ٤١-٤٢؛ عەبـدول، ٢٠١٤: ٦٥)، گـەڕان بـە دوای ونبووەکانیشـدا بـە دوو شێوە بوو. یەکەمیان کەسوکاری منداڵە ونبووەکان ڕۆژانـە سـەردانی ئەو ئۆردووگا و نەخۆشخانانەیان دەکرد کە ئاوارەکانی لێ نیشتەجێ کرابوون یـاخود بریـندارەکانیان تیـادا چارەسـەر دەکـرا، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی منداڵ و کەسوکارەکانیان. دووەمیـان تیمـەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران کە لە سـوپای پاسـداران و مـانگی سـووری ئێرانیـی و خانـەی بێسەرپەرشـتان[٨] پێکهـاتبوون، ڕۆژانـە لـە ڕێگـەی بانگـەوازەوە یـاخود گێڕانی منداڵە ونبووەکان بەناو ئەو شوێن و جێگایانەی کە ئاوارەکانی لێ

نیشتەجێ کرابوون هەواڵی کەسوکاری منداڵەکانیان دەپرسی، یاخود ناونیشانی وردی منداڵە ونبووەکانیان (ڕەگەز، تەمەن، ڕەنگی پێست و چاو و... هتد) لە خێزانەکانیان دەپرسی[٩] بۆئەوەی لە شوێنەکانی دیکە سۆراغی منداڵەکانیان بۆ بکەن. جێگای باسە زۆرینەی ڕەهای منداڵە ونبووەکان لەم ڕێگەیەوە بە خێزانەکانیان ئاشنابوونەوە. (عەبدولڕەحیم، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١١/٢٠)

بۆیە بە درێژایی ئەو چەند مانگەی کە ئاوارەکان لە ئێران بوون کەسوکارەکانیان بە هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەوڵی دۆزینەوەی کەسوکار و منداڵە ونبووەکانیاندا بوون، بەوهۆیەشەوە زۆرینەی ئەندامانی خێزانەکان بەیەکتر شادبوونەوە، سەرباری ئەوەش هێشتا چارەنووسی سەدان منداڵ بە نادیاری ماوەتەوە، کەسوکارەکانیان دوودڵن لەوەی ئاخۆ منداڵەکانیان لە ژیاندا ماون یاخود لە کاتی کارەساتەکە و ڕۆژانی دواتردا بە کاریگەریی برینەکانیان گیانیان لەدەستداوە، هۆکاری بنەڕتیش بۆ ئەو دوودڵییەی خەڵکی ئەوەیە، کە قوربانییانی هەڵەبجە بەدەستی کەسوکاریان ئەسپەردە نەکراون، بەڵکو لەلایەن تیمەکانی ئێران و بزووتنەوەی ئیسلامیی[١٠] و حیزب و لایەنەکانی تر کۆکراونەتەوە (عەبدول، ٢٠١٤: ٦٣) و لە گۆڕی بە کۆمەڵدا[١١] نێژراون (حاجی مشیر، ١٩٩٨ :١٧٤؛ ایزدی: بهار١٣٩٢، ١٣-١٤).

هەر ئەم حاڵەتەش وایکردووە، کە تاکو ئێستاش هیچ ئامارێکی ورد و زانستی سەبارەت بە ڕێژەی منداڵە ونبووکانی هەڵەبجە لەبەردەستدا نەبێت، نە حکومەت و نە هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی ئەم کارەی نەکردووە، ئەوەی کە هەیە ئامارێکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، ئامارەکە هەموو ئەو منداڵانەی لەخۆگرتووە کە تەمەنیان لە یەک شەوەوە

دەستپێدەکات تا (١٨) ساڵی، تێکڕایان ژمارەیان (١٨٣)[١٢] منداڵە، لەو ڕێژەیە (١٠٠)یان نێرینە و (٨٣)یان مێینەن[١٣].

خشتەی ئاماری منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە

| کچ | | | کوڕ | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | (١٢- ١٨) ساڵ | لەدایکبوون -١٢ ساڵ | کۆ | (١٢- ١٨)ساڵ | لەدایکبوون -١٢ ساڵ |
| ٨٣ | ١٦ | ٦٧ | ١٠٠ | ١٦ | ٨٤ |

لەو ڕێژەیە تائێستا (٨) منداڵ دۆزراونەتەوە و گەڕێنراونەتەوە، کە (٤)یان کوڕ و (٤)یشیان کچن، بەڵام دواتر دەرکەوت کە هەڵە لە پشکنینە پزیشکییەکانی دوانیاندا، کە هەردووکیان لە ڕەگەزی مێینەن[١٤] ڕوویداوە، ئەوەش گومان و گرفتێکی گەورەی لە بەردەم کۆی پرۆسەکەدا دروستکردووە. (کامەران، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٣٠؛ عابد، هەڵەبجە: ٢٠١٣/١٢/٢٨؛ محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە منداڵە ونبووەکان هەموویان خەڵکی ناو شاری هەڵەبجە نەبوون، بەڵکو ژمارەیەکیان خەڵکی ناحیەکانی (سیروان، خورماڵ و بیارە) بوون کە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزاکەن، چونکە بۆردۆمانی کیمیایی ئەو ناوچانەشی گرتەوە، هەروەک ژمارەی ونبووەکانیش لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکە دەگۆڕێت، بەشێوەیەک کەمترینیان (١) منداڵ و زۆرترینیان (٨)منداڵیان بە نادیاری ماوەتەوە و ئاگاداری چارەنووسی منداڵەکانیان نین[١٥]. ئەوەی گرفتەکەی زیاتر کردووە ونبوونیان لە یەک کات و شوێندا نەبووە، بەڵکو لە کات و شوێنی جیاواز و بە هۆکاری جیاواز لە خێزانەکانیان دابڕاون.

ماوەتەوە بڵێین، ژمارەی منداڵە ونبووەکان زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە کە باس دەکرێت، بەڵام تائێستا ئەو ژمارە خێزانە زانیاری و داتایان

لەلایەن (کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە)ەوە لێوەرگیراوە بە مەبەستی سۆراغکردنی چارەنووسی منداڵەکانیان (محەمەد هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)، هۆکاری ئەم بابەتەش بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە، کە دیارتیرینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ ژمارەیەک لەو خێزانانە، منداڵە ونبووەکانیان بە شەهید لەلای وەزارەتی شەهیدان تۆمارکردووە و مووچەی مانگانەی شەهیدانی کیمیاباران وەردەگرن و لە ئێستادا نایانەوێت مووچەکانیان ببڕدرێت.

٢. هەندێک دیکەیان کەسوکاری یەکەمیان لە کاتی ڕووداوەکە یاخود ساڵانی دواتردا کۆچی دوایی کردووە، بەوهۆیەشەوە کەس نییە لە چارەنووسی منداڵەکانیان بپرسێت.

٣ـ نائومێدبوونی کەسوکاری منداڵە ونبووەکان لە دۆزینەوەیان، چونکە چەند دەیەیەک بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە و کۆن بووە.

٤. بەشێک لە خێزانەکان لەو بڕوایەدا نین کە منداڵەکانیان لە ژیاندا مابن، پێیانوایە کە لەکاتی کارەساتەکەدا گیانیان لەدەستداوە.

٥. ڕوودانی هەڵە لە پشکنینە پزیشکییەکانی چەند منداڵێکی دۆزراوە، وایکردووە، کە کەسوکاری منداڵە ونبووەکان بە گومان بن و سڵبکەنەوە لە دەرئەنجامی پشکنینە پزیشکییەکان (عابد، هەڵەبجە، ٢٠١٣/١٢/٢٨؛ محەمەد هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥).

٦ـ هەندێک گومانیش لەسەر ئەوە دروستبووە کە ئێرانییەکان بەمەبەست ئەم بابەتەیان لەم ساڵانەی دواییدا جوڵاندووە و ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە لەم بابەتەدا[١٦]. (محەمەد هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

لەڕووی مرۆڤایەتییەوە، کاتێک بابەتی میرات و خوێندن لە زانکۆکان دێتە پێشەوە، گرفت بۆ منداڵەکان دروستدەبێت، چونکە ئەو منداڵانە، منداڵی ئەو خێزانانە نین و میراتیان بەرناکەوێت و بەهۆی نەبوونی ناسنامەشەوە ناتوانن لە زانکۆکانی ئێران بخوێنن، لەلایەکی تریشەوە لە ڕۆژانی یەکەمی کارەساتەکە و دواتریشدا خودی ئیمام خومەینی لێدوان و بڕیار و ڕاسپاردەی تایبەتی هەبوو سەبارەت بە ئاوارەکان و بریندارانی هەڵەبجە، لەو لێدوان و بڕیارانە (خەڵکی ستەملێکراوی هەڵەبجە هەتا ئەوکاتەی لە ئێران دەمێننەوە میوانی ئێمەن، هەڵەبجە بەچەی ئێرانە، دابینکردنی شوێنی تایبەت لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران بۆ شەهیدانی هەڵەبجە... هتد) هەتا ئەمڕۆش مەزهەبییەکانی ئێران وەک دەقێکی پیرۆز لە وتە و بڕیارەکانی دەڕوانن، ئەوە جیالەوەی بەوتەی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە هەتا ئێستاش ساڵانە کە کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوە لە ئێران لەبارەی جەنگی ئێران - عێراق، لێکەوتەکانی، ئاشتی... هتد گرێدەدرێت ئەوان بانگهێشت دەکرێن، بێگومان کەیسی منداڵە ونبووەکانیش یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی ئەو ڕووداوە. (موراد، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٣/٧؛ ئەمین، ٢٠١٢: ٤٣؛ فەرەج، ٢٠١٣: ٢١٦)

لە ڕووی سیاسیشەوە، ئێران یاریکەرێکی لێهاتووە، هیچ دەرفەتێک لە کیس نادات بۆ هەرچی زیاتر قوڵکردنەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و خۆنیشاندانی وەک نێوەندگیر بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان، لەو یارییانەی کە دەیکات بەزیندوویی هێشتنەوەی ڕووداوەکەیە وەک یەکێک لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، گرفت دروستکردن بۆ حکومەتی هەرێم و قوڵکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و گرێدانی چارەسەری ئەم بابەتە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

٧ـ لێکەوتە نەرێنییەکانی (میرات[١٧]، جیاوازیی زمان[١٨]، دابونەریت و مەزهەب[١٩]، پشکنینی هەڵە)، دوای دۆزینەوەی ئەو چەند منداڵەی کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دۆزرانەوە وایکردووە، کە بەشێک لە خێزانەکان ساردبکاتەوە لە گەڕان بە دوای منداڵەکانیاندا.

٨ـ هەندێک لەو خێزانانەی کە منداڵیان ونبووە باوکیان یاخود دایکیان لە کاتی ڕووداوەکە و دواتردا لەدەستداوە، بەوهۆیەشەوە شوویان کردووەتەوە یاخود ژنیان هێناوە[٢٠]، ئەوەش بووە بە هۆکارێک بۆئەوەی وەک پێویست و بە گەرموگوڕی بەدوای بابەتەکەوە نەبن و خەم لە بابەتەکە نەخۆن.

٩ـ هۆکارێکی دیکە، متمانە نەکردنی خەڵکە بە حکومەت و ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی کە کار لەسەر ئەم دۆسیەیە دەکەن. (موراد، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٣/٧)

لەم ڕووەوە ململانێ سیاسییەکان و بەحیزبیکردنی بابەتەکە و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و لاوازیی ڕێوشوێنەکانی بەدواداچوون و شارەزانەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم کەیسە و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی لە گرنگترین هۆکارەکانی لاوازی متمانەی کەسوکاری ونبووەکانە بە حکومەت و ڕێکخراوەکان لە سۆراغکردنی نەوەکانیان.

بێگومان ئەو هۆکارانە و گەلێک هۆکاری دیکە کە لە بەشی داهاتوودا ئاماژەیان بۆ دەکەین وایانکردووە کە تا ئێستا لە کۆی ئەو ڕێژە زۆرەی منداڵی ونبوو، تەنها چەند دانەیەکیان بدۆزرێنەوە و بگەڕێنرێنەوە ناو خێزانەکانیان و چارەنووسی ئەوانی دیکەیان بە نادیاری بمێنێتەوە.

## بەشی دووەم/ گرفتەکانی دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی منداڵە ونبووەکان:

### باسی یەکەم/ گرفتەکانی بەردەم دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان

دوای ڕوودانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ناوچەکە ئاوارەی شار و ئۆردووگاکانی ئێران بوون تەنانەت ژمارەیەکیشیان خۆیان گەیاندە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران وەک پاکستان[٢١] و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستورالیا، بەشێکی کەمیش لە خەڵکی ناوچەکە بەر لە ڕووداوەکە ڕوویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم کرد، بەوهۆیەشەوە خەڵکی سنوورەکە پەرتەوازەی شار و وڵاتان بوون و وەک ئاردی ناو دڕکیان لێهات. ((ڕێبازی نوێ)، ژ(١٠)، ١٩٨٨: ٣ ؛ پهلوان، ١٣٧٦: ٢)

ئاوارەکانی ئێران دوای (٦) مانگ لە ژیانی ئاوارەیی سەرئەنجام لە دوای لێبوردنە گشتییە یەک مانگییەکەی (١٩٨٨/٩/٦)ی حکومەتی عێراق زۆرینەیان گەڕانەوە بۆ عێراق (میدل ئیست ووچ،٢٠٠٤: ٣٧٨-٣٨٤)، بەڵام لەبەرئەوەی ڕژێم سنووری هەڵەبجەی کردبوو بە ناوچەیەکی قەدەغەکراو، بواری خەڵکەکەی نەدا بگەڕێنەوە زێدی ڕەسەنی خۆیان، بەڵکو زۆرینەیانی ڕەوانەی ئۆردووگاکانی بەرحوشتر و گردەچاڵ لە پارێزگای هەولێر کرد، هەروەک دواتر بوار درا بە بەشێکیشیان لە ئۆردووگا و شار و شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بمێننەوە و نیشتەجێ ببن[٢٢]، ئەوە سەرباری ئەوەی بە دەیان خێزانیان ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی ناوچە ئەنفالکراوەکانی دیکەی کوردستان کرانەوە، چونکە ئەو خێزانانە هەندێکیان بەر لە لێبوردنە گشتییەکە و هەندێکی دیکەیان دوای لێبوردنەکە گەڕابوونەوە ناو خاکی عێراق. (عەلی، ٢٠١٩: ١١٤-١١٥)

بەوشێوەیە خەڵکی هەڵەبجە لە ئاوارەییدا و بەو پەرتەوازەییە مانەوە هەتا دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١، ئاوارەیی و ناڕەحەتی ژیانی ئەو چەند ساڵە، بواری بە کەسوکاری منداڵە ونبووەکان نەدا وەک پێویست سۆراغی منداڵە ونبووەکانیان بکەن و هەوڵی دۆزینەوەیان بدەن[٢٣]، چونکە ئاوارەکان زۆرینەی ڕەهایان گەڕانەوە و بەشێکی کەمیان بە خواستی خۆیان لە ئێران مانەوە، ئەوانەی کە گەڕانەوە نەک بواریان نەدان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، بەڵکو خەڵکی ترسی ئەوەی هەبوو ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی ئەنفالکراوەکان بکرێنەوە، دوای نیشتەجێکردنیشیان لە ئۆردووگاکاندا خرانە ژێر چاودێریی وردەوە و بواریان پێ نەدەدرا، کە بچنە دەرەوەی ئۆردووگاکان، تەنها بۆ کاری زۆر پێویست نەبووبێ، ئەویش بە کۆمەڵێک مەرج، بۆشیان نەبوو باسی هێرشی عێراق و کیمیابارانی شارەکەیان بکەن، تەنانەت بریندارەکان لە نەخۆشخانەکاندا دەبوو بەناوی نەخۆشیی دیکەوە چارەسەر وەربگرن و لە حاڵەتی لێپرسینەوەشدا دەبوو ئێران بە بەرپرسیاری ڕووداوەکە بزانن. لەوەش زیاتر هەموو ئەوانەی کە چووبوونە ئێرانەوە وەک تاوانبار لێیان دەڕوانرا و بەهۆی ئەو تاوانبارکردنەشەوە کۆمەڵێک سزا ڕووبەڕوویان کرایەوە، کە یەکێک لەوانە کردنی ناوچەکەیان بوو بە ناوچەی قەدەغەکراو و دوورخستنەوەیان بوو بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان، ئەو سزایانەش تا لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوون.

ئەوانەشیان لە ئێران مابوونەوە و نەگەڕانەوە لە چەند ئۆردووگایەکدا کۆکرانەوە و چاودێریی وردیان خرایەسەر و هەتا ماوەیەکی زۆر دواتر بە بەڵگە نەبێت بواری هاتنە دەرەوەیان لە ئۆردووگاکان پێنەدەدرا. ئەوە جیا لەو گرفتە زۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونییەی کە ئاوارەکان لە دوای کیمیاباران پێوەی دەتلانەوە.

لە دوای گەڕانەوەشیان بۆ هەڵەبجە (١٩٩٢)، کوردستان بە گشتی و سنووری هەڵەبجە بە تایبەتی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و گرفتی گەورە بوویەوە، کە دیارترینیان قەیرانی ئابووری و شەڕی ناوخۆ بوو، قەیرانێک کە چەندین ساڵی خایاند (عەلی، ٢٠١٨: ٩٣-٩٤)، ئەوەش وایکرد کەسوکاری منداڵە ونبووەکان چ لە ئاوارەییدا و چ دوای گەڕانەوەیان نەتوانن بیری گەڕان و دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانیان بکەن.

لەو قۆناغەدا نە حکومەت و نە هیچ کۆمەڵە و ڕێکخراوێک کاری لەسەر ئەم بابەتە نەکردووە، لە ڕاستیدا هەر بابەتیش نەبووە بە لای حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە، ئەگەرچی لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دوو منداڵی ونبوو بە کەسوکاریان شادبوونەوە، بەڵام ئەوانە لە کاتی کارەساتەکەدا گەورە بوون[٢٤] و درکیان بەوە کردووە کە منداڵی ونبووی هەڵەبجەن. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥؛ فەتاح، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/١/٢٠).

جێگای خۆیەتی کە بڵێین، دوای دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی یەکەمین منداڵی ونبووی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠١٠دا[٢٥] لە ڕێگەی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە، کەیسی منداڵە ونبووەکان سەریهەڵدا و بوو بە جێگای باسی ڕێکخراوەکان و حکومەت و کەسوکاری منداڵەکان[٢٦]. لەوە بەدوا ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی هەڵەبجە ئەوانەیان گومان و ئومێدی ئەوەیان هەبوو منداڵەکانیان لە ژیاندا مابن لە ڕێگەی (کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە)وە بە پێدانی زانیاریی ورد لەسەر منداڵەکانیان هەوڵی گەڕان بە دوای منداڵەکانیان دەدا. هەر جارێکیش کە منداڵێکی نوێ دەدۆزرایەوە ئومێدی زیاتر لەلای کەسوکاری ونبووەکان دروست دەبوو کە منداڵەکانیان لە ژیاندا مابن[٢٧].

ئەوەش بڵێین، ئەوەی تایبەتیش بێت بە سەرهەڵدانی بابەتی منداڵە ونبووەکان لە ئێران، خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، یەکەمیان، کاتێک بابەتی میرات دێتە پێشەوە لەنێو ئەو خێزانانەی کە ونبووەکەیان هەڵگرتووەتەوە و بەخێویان کردوون. هەرچی دووەمیانە، پەیوەندی بە ویژدانی بەخێوکەرانی ونبووەکانەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵەکانیان هەڵگرتووەتەوە، لە کۆتاییی ژیانیاندا ئەو بابەتە لەگەڵ منداڵەکە دەکەنەوە و بە هیوای دۆزینەوەی کەسوکار و خیزانەکانیان (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥).

بەڵام لە سەرەتادا کاری گەڕان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی منداڵەکان سادە بووە و کۆمەڵەی قوربانییان خۆبەخۆ ئەو کارەی کردووە بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەت و گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییەکان و کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی ورد لەسەر کۆی ئەو خێزانانەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد خاوەنی منداڵی ونبوون، هەروەک نەبوونی هەماهەنگی پێویست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر یەکێکی دیکە بووە لە گرفتەکانی سەرەتای گەڕان بەدوای چارەنووسی ونبووەکان.

بە کورتی دەتوانین ڕێگری و لەمپەرەکانی بەردەم دۆزینەوەی ونبووەکان لەم چەند خاڵەدا بخەینەڕوو:

١ـ نەبوونی زانیاری و داتای ورد: یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە، نەبوونی زانیاری و داتای وردە لەسەر کۆی منداڵە ونبووەکان، چونکە هەتا ئێستاش دامەزراوە یاخود ناوەندێکی ئەکادیمی کاری جددی لەسەر ئەم بابەتە نەکردووە، ئەوەش وایکردووە ئامارێکی زانستیی ورد لەسەر ونبووەکان لەبەردەستدا نەبێت. هەروەک ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و دامەزراوانەش کە کار لەسەر ئەم دۆسیەیە دەکەن شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر دۆسیەکە و ڕێکارە یاسایی و

پزیشکییەکان و ئەزموونی ئەو ڕێکخراو و دەوڵەتانە نییە، کە لەم بوارەدا کاریان کردووە و خاوەن ئەزموونێکی زۆرن لەم ڕووەوە. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥؛ مەحمود، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٢/١)

٢. کەمتەرخەمیی حکومەت: گرفتێکی دیکەی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە حکومەت بە جددی و بە قورسایی، خۆی کار لەسەر ئەم بابەتە ناکات و هەوڵی بۆ نادات، ئەوە لەکاتێکدا سێ وەزارەتی حکومەت پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەم بابەتەوە هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە وەزارەتەکانی (داد، تەندروستی و شەهیدان و ئەنفالکراوان) و ئەو دامەزراوانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەم وەزارەتانەوە هەیە، ئەوەش وایکردووە جۆرێک لە شپرزەیی و پاشاگەردانی لە کەیسەکەدا هەبێت و هەڵەی زۆر ڕووبدات.

بەشێوەیەک لە سەرەتادا ڕێوشوێنە یاساییەکان نەگیراونەتەبەر بۆ کارکردن لەسەر ئەم دۆسیەیە، بۆئەوەی لە داهاتوودا تووشی گرفتی یاسایی نەبن، هەروەک وەزارەتی شەهیدانیش کەمتەرخەم بووە لە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە، لەکاتێکدا وەزارەتی ناوبراو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەم بابەتەوە هەیە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆتینیاتی فەرمانگە و دامەزراوە یاسایی و کارگێڕییەکان و ساردییان لە مەسەلەی یەکلایی بوونەوەی کەیسی منداڵە ونبووەکاندا بووە بە کێشەیەکی دیکە لە بەردەم گەڕانەوەی ونبووەکان[٢٨].

٣. گرفتی پشکینینەکان: یەکێکی دیکە لە گرفتەکان ئەوەیە، لە پشکنینە پزیشکییەکانی ئەم جۆرە کەیسانەدا، سامپڵ لە کەسی یەکەم بە تایبەتی دایک و باوک دواتر خوشک و برا وەردەگیرێت بۆئەوەی ئەنجامەکان بە ڕاستی و دروستی دەربچن، بەڵام بەشێک لە منداڵە ونبووەکان هیچ

کەسێکی ئەندامانی خێزانەکەیان لە ژیاندا نەماون، ئەوەش دەبێتە گرفتێکی گەورەی بەردەم دۆزینەوەی ونبووەکان.

بەر لە هەر شتێک دەبوو زانیاریی ورد لەسەر کۆی ونبووەکان و خێزانەکانیان کۆبکرایەتەوە و سامپڵی خوێن لە نزیکترین کەسیان وەربگیرایە، چونکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات کەسە نزیکەکانی خێزانەکەیان لەدەستدەدەن، هەر دواکەوتنێک لەم ڕووەوە پرۆسەکە ئاڵۆز دەکات و گومانی زیاتر لەسەر دەرەنجامە پزیشکییەکان لەداهاتوودا دروست دەکات، بەڵام لە ڕابردوودا هیچ یەکێک لە ئەمانە ئەنجام نەدراون.

بە نموونە لە ساڵانی ڕابردوودا چەند منداڵێک پشکنینی پزیشکییان بۆ ئەنجامدرا و دوای ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان بە کەسوکاریان شادبوونەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت هەندێکیان هەڵە لە پشکنینەکانیاندا ڕوویانداوە[٢٩]، بەوهۆیەشەوە گومانێکی گەورە لەسەر کۆی پرۆسەکە دروست بوو.

لە ڕاستیدا جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، کەمئەزموونی لە پرۆسەکە و نەبوونی ئەو ئامێرە پزیشکییە پێشکەوتووانەی کە ئەم جۆرە کەیسانەی پێ یەکلایی دەکرێتەوە لە گرفتە گەورەکانی دیکەی بەردەم ئەم پرۆسەیەن، بۆ ئەمەش دەبێت پەنا بۆ تاقیگەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو ببرێت، ئەوەش جگە لە خەمساردیی لایەنە پەیوەندیدارەکان کات و تێچوویەکی زۆری ماددی دەوێت.

٤. کۆنبوون و تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر ڕووداوەکەدا گرفتێکی دیکەی بەردەم پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەی ونبووەکانە، چونکە لەو ماوە دوورودرێژەدا زۆر گۆڕانکاری و ڕووداو ڕوویانداوە کە دەکرا هەریەکەیان هۆکارێک بێت بۆ ئاسانکاری لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی

ونبووەکـــان، لەوانـــە: تەمـــەنی منداڵـــەکان و ناســـینەوەیان، مانـــەوەی کەسـوکاری یەکـەمی منداڵەکان، خواسـتی منداڵـەکان بـۆ گەڕانـەوەیان بـۆ ئـامێزی کەسـوکاریان، گـەرموگوڕیی کەسـوکاریان لـە بەدەمـەوە چـوونی بابەتەکە و ... هتد.

٥ـ خواسـتی نەگەڕانـەوە: فاکتـەرێکی دیـکەی بـەردەم گەڕانـەوەی ونبووەکـان ئەوەیە، کـە هەنـدێک لـەو منداڵانـە خواسـتی گەڕانـەوەیان نییـە، تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەر ڕووداوەکە و نـەمانی کەسـی یەکـەمیان و چوونە نـاو ژیـانی هاوسـەرگیری لـە هۆکـارە سـەرەکییەکانی نەگەڕانـەوەی ئـەو منداڵانـەن بـۆ نـاو خێـزان و کەسـوکارەکانیان، ئەگـەرچی بەڵگـەی سەلمێنەر هەیە کە منداڵی ونبووی هەڵەبجەن[٣٠].

٧ـ میرات: بابـەتی میرات لەمپـەرێکی دیکـەی بـەردەم سـۆراغکردن و دۆزینـەوەی ونبووەکانـە (پـێش گەڕانـەوە و دوای گەڕانەوەشـیان)، جـا چ ئەوانـەیان بـن کـە هـیچ ئەنـدامێکی خێزانەکـەیان لـە ژیانـدا نـەماوە یـاخود ئەوانەیان کە ئەندامێک یان چەند ئەندامێکی خێزانەکەیان لە ژیاندا ماوە، ئەمانـــە بـــەهۆی دابەشـــکردنی میراتـــی خێزانەکـــەوە نایانـــەوێت یـــاخود کەمتەرخەمی دەکەن لە بابەتی سۆراغکردنی منداڵە ونبووەکانیان، چونکە بە گەڕانەوەی ونبووەکانیان کێشـەی مووچـە و میراتیان بۆ پەیدا دەبێت. (کامەران، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٣١؛ مەحمود، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/٢/١)

لەلایـەکی دیکەشـەوە، هەنـدێک لـە کەسـوکاری ونبووەکـان لـە سـاڵانی ڕابـردوودا نـاوی منداڵـەکانیان وەک شـەهید تۆمـار کـردووە و مووچـەی مانگانـە وەردەگـرن، ئێسـتا جگـە لـە گومـانی زۆریـان لـە کـۆی کێشـەکانی بـەردەم دۆزینـەوە و گەڕاندنـەوەی منداڵـەکانیان، نایانـەوێت مووچـەی شەهیدانەی منداڵەکانیان ببڕدرێت[٣١].

١٠. دەستێوەردانی حیزبی: ئەم حاڵەتەش لەمپەرێکی گەورەی دیکەی بەردەم دۆزینەوەی ونبووەکانە، بە شێوەیەک هەریەک لە حیزب و لایەنە سیاسییە باڵادەستەکان (ی. ن. ک و پ. د. ک) دەیەوێت بیکات بە دەستکەوت بۆ حیزبەکەی خۆی. (مەحمود، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/٢/١)

١١ـ هەندێک لە خێزانەکان لەبەر هەر هۆکارێک بێت (کۆمەڵایەتی، گرنگ نەبوونی بابەتەکە بۆیان و بڕوانەکردن بە کەیسەکە) وەک پێویست بەدەم ئەم بابەتەوە ناڕۆن و نایانەوێت سۆراغی منداڵەکانیان بکەن. (موراد، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٣/٧؛ محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

## باسی دووەم / گرفتی ونبووەکان دوای گەڕانەوەیان

منداڵە ونبووەکان دوای دۆزینەوەیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی هەمەجۆر دەبنەوە، کە هەر یەکەیان بۆ خۆی دەبێتە لەمپەر و ڕێگرییەکی گەورە لە بەردەم گەڕانەوە و نیشتەجێبوونیان لە لای کەسوکارەکانیان، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەو گرفتانە دەکەین:

١. کێشەی یاسایی و گرفتی ناسنامە: کەسوکاری منداڵە ونبووەکان دوای ساڵانێک لە چاوەڕوانی و نائومێدبوونیان لە دۆزینەوەی منداڵەکانیان یاخود ئەوانەیان کە هەر لە سەرەتاوە گومانیان بردووە منداڵەکانیان لە ڕۆژانی کارەساتەکەدا گیانیان لەدەستداوە، لە دادگاکان وەفاتنامەیان بۆ منداڵەکانیان دەرکردووە و ناویان وەک شەهید لەلای وەزارەتی شەهیدان تۆمارکراوە، کاتێک ئەم منداڵانە دەدۆزرێنەوە دەبێت سەرلەنوێ ڕێکارە یاساییەکانیان بۆ بگیرێتەوەبەر بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی وەفاتنامەکانیان و زیندووکردنەوەیان و پاشانیش گێڕانەوەی ناسنامە بۆیان. (مەحمود، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/٢/١)

٢ـ زمان: بەشێک لەو منداڵانەی کە دەگەڕێنەوە بەوپێیەی لە ئامێزی خێزانێکی فارسی زماندا لە ناوچە فارسنشینەکان پەروەردە و گەورەبوون زمانی کوردی فێرنەبوون و نازانن، بەوهۆیەشەوە دوای گەڕانەوەیان ڕووبەڕووی کێشەی زمان دەبنەوە(٣٢).

٣ـ جیاوازیی مەزهەبی: ئەو منداڵانەی کە لەلایەن خێزانێکی شیعە مەزهەبەوە هەڵگیراونەتەوە و پەروەردە کراون، بە تایبەتی ئەوانەیان لە ناوچەکانی دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەدۆزرێنەوە لە ئێران کێشەی جیاوازیی مەزهەبییان بۆ دروست دەبێت. دەبێ ئەوەش بزانین جیاوازیی مەزهەبی جیاوازیی کلتووریی و دابونەریت بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوەش دەبێتە گرفتێکی سەرەکی بۆ ئەو منداڵانە دوای گەڕانەوەیان(٣٣).

هەروەک جیاوازیی مەزهەبی و ژینگە جیاوازیی دابونەریتی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو منداڵانەدا دروستکردووە، بە کورتی ئەو ژینگەیەی کە منداڵەکەی تێدا گەورە و پەروەردەکراوە تەواو جیاوازە لە ژینگەی خێزانە ڕەسەنەکەی خۆی کە بۆی دەگەڕێتەوە، جیاوازییەکە زیاتر دەبێت ئەگەر ئەو منداڵە لە ئامێزی خێزانێکی ناکورددا لە ئێران گەورە و پەروەردە کرابێت، زۆرینەی ڕەهای منداڵەکانیش لەبەرئەوەی لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا دووچاری ئەو حاڵەتە بوون بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری ڕابردووی خۆیان و خێزانەکانیان نین، عەلی (زمانکۆ) لەمبارەیەوە دەڵێت: "**من لەناو خێزانێکی شیعە مەزهەب لە شاری مەشهەد پەروەردە کرابووم و گەورە ببووم، لە کاتی گەڕانەوەم هەستم بە جیاوازیی مەزهەبی کرد، چونکە خێزانەکەی خۆم سوننی بوون، بۆیە دایکم و کەسوکارم هەوڵیان دەدا فێری شێوازی نوێژی سوونی ببم، منیش وردە وردە خۆم فێری نوێژی سوننی کرد، بەڵام**

**لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئیدی بابەتەکە بۆم ئاسایی بوویەوە و هەستم بە جیاوازیی زۆر نەدەکرد**". (حەمەسەعید، سلێمانی: ٢٠٢٠/٨/٢٦)

٤ــ گرفتــی دەروونــی: بــەهۆی تێپــەڕبوونی کــاتێکی زۆر بەســەر ڕووداوەکە و گەورەبوونی منداڵەکانەوە لەپڕ و لەبەر هەر هۆکارێک بێت کاتێک ئاگاداری ئەوە دەبن کە ئەوان کوڕی ئەو خێزانانە نین کە ساڵانێکی زۆرە تیایدا دەژین و گەورەبوون، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دەروونیی سەخت دەبنەوە، هەندێکیان هەتا ماوەیەکی زۆر لە دوای گەڕانەوەشیان هەر لە شۆکێکی گەورەدا دەژین[٣٤]. ئەم بارودۆخە بۆ ڕەگەزی مێینە قورسترە و ئەستەمترە، وەک منداڵەکان خۆیان باسی دەکەن لە دوای چەند ساڵ لە گەڕانەوەیان هێشتا کەسێتیی خۆیان نەدۆزیوەتەوە و نەیانتوانیوە وەک پێویست شوێنی خۆیان لە ژینگە نوێکەیاندا بکەنەوە. (کامەران، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٣١؛ حەمەسەعید، سلێمانی: ٢٠٢٠/٨/٢٦)

٥. شوێنی نیشتەجێبوون: گرفتێکی دیکەی کۆمەڵایەتی، کە منداڵەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە ئەوەیە کە دوای دۆزینەوەی منداڵەکان هەریەکەیان دەبێت بە خاوەنی دوو بنەماڵە، یەکێکیان لە ئێران و ئەوی دیکەیان لە باشووری کوردستان، هەردوولا منداڵەکە وەک منداڵی ئەسڵی خۆیان تەماشا دەکەن و هەمان چاوەڕوانیشیان لە منداڵەکە هەیە، ئەوە لەکاتێکدا هەریەک لەو خێزانانە لە وڵاتێکی جیاوازدا دەژین، ئەوەش وادەکات منداڵەکە لەلای هیچ یەک لە خێزانەکان هەست بە ئاسوودەیی نەکات و هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بژیێت[٣٥].

لە لایەکی دیکەوە هەندێک لەو منداڵانە هاوسەرگیرییان کردووە، دوای دۆزینەوە و گەڕانەوەیان گرفتیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان بۆ پەیدا دەبێت، لەبەرئەوەی هاوسەرەکانیان خەڵکی ئێرانن و قایل نابن لە هەڵەبجە

یاخود شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان نیشتەجێ ببن، بەوەش ڕووبەڕووی گرفتی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەبنەوە[٣٦].

٦. هەلی کار: بژێوی و هەلی کار کێشەیەکی دیکەی بەردەم منداڵە گەڕاوەکانە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، چونکە ئەوان لە وڵاتی ئێران خاوەنی کار و ئیشی خۆیان بوون، کاتێک دەگەڕێنەوە کارێکی ئەوتۆیان دەستناکەوێت کە بتوانن بژێویی ژیانی خۆیانی پێ دابینبکەن. (موراد، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٣/٧)

**ئەنجام:**

١ـ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بوو بەهۆی دابڕینی سەدان و هەزاران منداڵ لە دایک و باوک و کەسوکاریان، بەڵام زۆرینەیان دوای ماوەیەک بە کەسوکاریان ئاشنابوونەوە.

٢. هۆکاری ونبوون و شوێنی ونبوونی منداڵەکان جیاوازن ئەوەش وایکرووە سۆراغکردنیان هەروا کارێکی ئاسان نەبێت.

٣ـ ئەو ئامارەی کە تائێستا لەبەردەستدایە سەبارەت بە ڕێژەی ونبووانی هەڵەبجە، ژمارە ڕاستییەکە نییە و ڕێژەکە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسکران، زۆر زیاترە.

٤ـ تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر ڕووداوەکەدا گرفتی زۆر و جۆراوجۆری لە بەردەم پرۆسەی دۆزینەوەیاندا دروستکردووە.

٥. هەوڵەکانی ئەو لایەنانەی کە کاریان لەسەر ئەم دۆسیەیە کردووە زۆر کرچ و کاڵ بووە و لە ئاست گەورەیی پرۆسەکەدا نەبووە،

هەرئەوەش وایکردووە هەڵەی گەورە لە ڕێوشوێنە یاساییەکان و پشکنینە پزیشکییەکاندا ڕووبدات، ئەوەش سەریکێشاوە بۆئەوەی کە کەسوکاری منداڵەکان وەک پێویست بڕوایان بە پرۆسەکە نەبێت و ساردی بنوێنن لە چوون بەدەم بابەتەکەوە.

## ڕاسپاردەکان:

١ـ کۆکردنـەوەی زۆرتـرین داتـا و زانیـاریی ورد (ڕەگـەز، تەمـەن، شوێن، کات، هۆکاری ونبوون، ژمارەیان) لەسەر کۆی منداڵە ونبووەکان.

٢. وەرگرتنی سامپڵ لە تەواوی ئەو خێزانانەی کە خۆیان بە خاوەنی منـداڵی ونبـوو دەزانـن، چونکـە لەوانەیـە کاتێـک منـداڵی ئـەم خێزانانـە بدۆزرێتەوە کە کەسوکاری یەکەمی ونبووەکە لە ژیاندا نەمابن، ئەوەش گرفت لـە ئـەنجامی پشکنینەکاندا دێنێتـە پێشـەوە، ئەگـەر ئـەوەش بزانرێت هـەتا سـامپڵەکە لـە کەسـە یەکەمینـەکان (دایـک و بـاوک، خوشـک و بـرا) وەرگیرێت ئەنجامەکان وردتردەبن، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

٣ـ سـەرلەنوێ دروسـتکردنەوەی متمانـە لـەلای کەسـوکاری منداڵـە ونبووەکـان، بـەوەی کـە زۆر بـە جـددیی و بـە پەرۆشـییەوە کـار لەسـەر کەیسەکە دەکرێت.

٤ـ دروسـتکردنی هەماهـەنگیی چڕوپـڕ لـە نێـوان ئـەو لایـەن و دامودەزگایانـەی کـە پەیوەندیـدارن بـە دۆسـیەکە، هـەروەها کـارکردن لـە ئاسـتێکی بـاڵا لـە نێوان حکومـەتی (هـەرێم، عێراق و کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران) بۆئەوەی پرۆسەکە بە شێوەیەکی یاسایی کاری لەسەر بکرێت.

٥ـ هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەزموون و پێشینەیان لەگەڵ ئەم جۆرە دۆسیانەدا هەیە، بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان.

٦ـ بە نیشتمانیکردنی کەیسەکە و دوورخستنەوەی لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی حیزبی، ڕێکخراوەیی و کەسی، بەشێوەیەک حکومەتی هەرێم خاوەنی ڕاستەقینەی بێت، نەک هیچ کەس و لایەنێکی دیکە.

٧ـ لابردنی سەرجەم ئەو ڕێگری و لەمپەرانەی کە دێنە بەردەم پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەی ونبووەکان.

٨ـ دەبێت کاری گەڕان و سۆراغکردن بەدوای ونبووەکاندا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی بێسەرپەرشتان (بیهزستی) و ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان هەڵگرتووەتەوە و خودی منداڵەکە، زۆر بە هێمنی و دوور لە زۆرکردن بێت، بۆئەوەی پرۆسەکە گرفتی بۆ دروست نەبێت.

٩. حکومەتی هەرێم و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان هەموو تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی پرۆسەکە ڕێکارە یاساییەکانی خۆی ببڕێت، هەروەک پشکنینە پزیشکییەکان لە ناوەندێکی پزیشکیی مەحکەم و متمانەپێکراو ئەنجامبدرێت، بۆئەوەی متمانە بۆ کەسوکاری ونبووەکان بگێڕێتەوە.

١٠ـ حکومەتی هەرێم و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان دوای ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ونبووەکان، زەمینەی گەڕانەوە و هۆکارەکانی ژیانکردن لەناو خێزان و کەسوکاریاندا بۆ منداڵەکان بڕەخسێنن، لە ڕێگەی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و دۆزینەوەی کار و دابینکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بەمەبەستی سەرلەنوێ ئاشناکرنەوە و ڕاهێنانەوەی ئەو منداڵانە لەگەڵ خێزانەکانیان.

## پەراوێزەکان

١ـ کامەران نەورۆز و ئالانی تۆفیق و ئاراس عابید نموونەی ئەم جۆرە حاڵەتەن. (توێژەران).

٢ـ لەبارەی بەهاناوەچوونی خەڵکی و گواستنەوەی برینداران بۆ ئێران بڕوانە: عەبدول، ٢٠١٤: ٣٦-٤١؛ حاجی مشیر، ١٩٩٨: ١٦٨-١٦٩؛ بهرامی، ١٣٩١: ٣١٥-٣١٦؛ ایزدی، بهار١٣٩٢: ١١-١٤؛ یدالله ایزدی، بهار١٣٩١شمسی: ٤٧-٤٩.

٣ـ ناوبراو بەرپرسی لقی شاری پاوەی مانگی سووری ئێرانی بووە و سەرۆکایەتیی ئەو تیمەی کردووە، کە چوونەتە سنووری هەڵەبجە بۆ بەهاناوەچوونی قوربانییان. (عەبدول، ٢٠١٤ :٢٠)

٤ـ بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە: محەمەد ئەمین، ٢٠١٢: ٥٦؛ تۆفیق، ٢٠٠٠: ٢١؛ عوسمان، ٢٠١٨: ١٢٦-١٢٧.

٥ـ بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە: ایزدی، بهار١٣٩٢: ١٤؛ ایزدی: ، ١٣٩٢، ١٧٨؛ هەورامانی، ٢٠١٧: ٣٣-٣٤؛ هەورامانی، ٢٠١٧: ٣٧-٤٢؛ بهرامی، ١٣٩١: ٣١٦.

٦ـ لە شار و شارۆچکەکانی ئێران و بەتایبەتی لە پارێزگای کرماشان و گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا لە تاران بە دەیان گۆڕی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجەی تێدایە، ئەوانەی بەهۆی سەختیی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەستداوە، لەناو ئەو قوربانییانەدا ژمارەیەکی زۆریان منداڵن، بە وتەی لوقمان عەبدولقادری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا چەندین گۆڕ هەیە لەسەر کێلەکەی نوسراوە (بچەی گمشدە حلبچە، بچەی بی شناسنامە حلبچە)، لەبەرئەوەی هیچ جۆرە ناسنامەیەکیان پێ نەبووە و کەسوکاری خۆشیان لانەبووە، سرووشتی ئەو گۆڕانەش وایە لە سەرەوە یەک کێل هەیە، بەڵام لەناو گۆڕەکەدا چەند مردوویەک هەیە و بەشێوەی قات قات و لەسەریەک نێژراون. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥).

٧ـ نموونـەی ئـەم حاڵەتـە زۆرە، زیـاتریش ئـەو منداڵانـە ڕووبـەڕووی ئـەم کێشـەیە بوونەتـەوە کـە تەمـەنیان زۆر بچـووک بـووە، بـۆ نموونـە هەریەکـە لـە (ئـەڵوەن عـەلی مـەحمود، محەمـەد سـەعید و سـەلام عـەلی کـەریم) ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵ و خوشک و براکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووەتە ئێران، بەڵام لـە نەخۆشخانەکاندا بە فێڵ یاخود بـە زۆر لێیان وەرگیراوە و بردوونیـان و دواتـر بۆیـان نەگەڕاندوونەتـەوە. (مـەحمود، هەڵەبجـە: ٢٠١٩/١٠/١٥ ؛ سـەعید، هەڵەبجـە: ٢٠٢٠/٨/٢٨ ؛ کەریم، سلێمانی: ٢٠٢٠/٨/٢٦ )

٨ـ بەپێی گێڕانەوەکانی ئاغـای جەعفـەری کـە دواتـر بـەرزان محەمـەد (ئـالان توفیــق)ی هەڵگرتووەتــەوە و بــەخێوی کــردووە، ئەوکاتــەی ئــەو بــەرزانی هەڵگرتووەتــەوە (٤٧) منــداڵی بــێ دایــک و بــاوکی هەڵەبجــە لــە خانــەی بێسەرپەرشتانی شاری سنە بوون، بەڵام دواتر بە نووسراوی ڕەسمی ڕەوانـەی کرماشان کراون. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

٩ـ بڕوانـە: ئـەمین، ٢٠١٢: ٥٦؛ هـەورامانی، ٢٠١٧: ٦١؛ هـەورامانی، ٢٠١٧ :٤٣-٤٥؛ عەبدولڕەحیم، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١١/٢٠.

١٠ـ بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕۆڵی بزووتنەوەی ئیسلامی لـە کۆکردنـەوە و ئەسپەردەکردنی قوربانییـانی کارەسـاتی کیمیابـارانی هەڵەبجە بڕوانـە: سـەعید :٢٠١٧/٣/١٥ ؛ شەفیق، هەڵەبجە: ٢٠١٣/١٠/٢٥.

١١ـ دوای ڕوودانی کارەساتەکە، ئیمام خومەینی لە فەتوایەکدا ڕایگەیاند، کە پێویستە مردووانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە مامەڵـەی شـەهیدیان لەگەڵدا بکرێت و بە جلوبەرگی خۆیانەوە ئەسپەردە بکرێن، لـەوە بـەدوا تیمـەکان کەوتنـە کۆکردنەوە و ناشتنی مردووەکان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا، شـەوکەتی حـاجی مشـیر دەڵێت: ئـەم فەتوایە وایکرد، کـە دەسـتبەجێ هەڵمـەتێکی سـەرتاسـەری بکـەین بـۆ کۆکردنــەوە و بــەخاک ســپاردنی شــەهیدەکان لــە هــەموو ناوچەکــەدا، لــەژێر چـاودێری ئاغـای مەسـعودی لـە هـەموو لایەکـەوە دەسـتیانکرد بـە کۆکردنـەوەی شەهیدەکان، بە گەلابە و لۆری و بەبێ ئەوەی ژن و منداڵ لە یەک جیابکرێنـەوە،

بەبێ ئەوەی ناسنامەیان بناسرێت، لە هەموو لایەکەوە کەوتنە کۆکردنەوەی تەرمەکان و بە شۆفڵ چاڵی گەورەیان بۆ هەڵئەکەندن و بە گەڵابەکان ئەیانهێنان، (٢٠٠ یان ٣٠٠) تەرمیان ئەخستە یەک چاڵەوە و بە شۆفڵەکان دایان دەپۆشین. بە ڕاستی لیژنەی ئێرانییەکان زۆر کاریان کرد و شەو و ڕۆژ نەدەوەستان، ئێمەش دوو دەستە پێشمەرگەمان بۆ دیاریکردبوون بۆ هاوکاریکردن و شارەزایی لەگەڵیان (حاجی مشیر، ١٩٨٨: ١٧٤؛ ایزدی، بهاری ١٣٩٢: ١٣-١٤). بەپێی زانیارییەکانی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە (٥٢) گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانییانی هەڵەبجە هەن، کە بەشێکیان دەکەونە ناو خاکی ئێرانەوە، چونکە بەپێی ئامارێکی هەمان کۆمەڵە نزیکەی (٧٦٣) بریندارى هەڵەبجە لەبەر سەختیی برینەکانیان لە ئێران گیانیان لەدەستداوە و نێژراون، بچووکترین گۆڕیان (٢) شەهید و گەورەترینیان (٦٠٠) شەهیدی تێدایە، کە بێگومان بەشێکی زۆریان منداڵن. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

١٢- بەپێی وتەی لوقمان عەبدولقادری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەو ڕێژەیە لە ئێستادا (١١٨) منداڵ لەلایەن (٧٣) خێزانەوە داواکراون، ئەوانی دیکەیان لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە نەچوون بەدەم سۆراغی منداڵە ونبووەکانیانەوە، هەروەک زۆرینەی داواکراوەکانیش لە ڕەگەزی مێینەن. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

١٣. ئەم ڕووپێوییە بە وتەی هۆشمەند موراد، کە خۆی ئەندامی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، ساڵی ٢٠١٧ بە شێوەیەکی مەیدانی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە هاوکاری ڕێکخراوی (ICMP)، کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و تایبەتە بە کەسانی بێسەروشوێن ئەنجامیانداوە. پێویستە ئەوەش بڵێین هەر لە چوارچێوەی ئەو ئامارەدا (١١٥)کەس لە ڕەگەزی نێر و (٩٦) کەس لە ڕەگەزی مێ کە تەمەنیان لە سەروو (١٨) ساڵەوە بووە و خێزاندار بوون بە ونبوو ئەژمار و تۆمارکراون. (موراد، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٣/٧)

١٤- ئەو دوو منداڵەش بریتین لە مریەم باروچیانی(ژیان کامەران) و ئەعزەم مووسا، بەوتەی ژیان کامەرانی (ونبوو) و چرۆ طیب عەلی خوشکی

چیای ونبوو، دوای ماوەیەک لە ئاشکراکردنی دەرئەنجامی پشکنینەکانیان دەرکەوتووە هەردوو منداڵی ناوبراو تەمەن و ڕەنگی چاویان جیاواز بووە لە منداڵە ونبووەکان، ئەمە جگە لەو پشکنینانەی کە دواتر بۆیان کراوە و دەریخستووە پشکنینی یەکەم هەڵە بووە، بەوهۆیەشەوە گومان و دوودڵیی زۆر لەلای خێزانی منداڵە ونبووەکان سەبارەت بە ڕاستی و دروستیی کۆی پشکنینە پزیشکییەکان دروست بووە. (کامەران، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٣٠ عەلی، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٢٧)

١٥- ئێمە ئەم ئامار و ژمارانەمان لە کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە وەرگرتووە، ئامارەکە گشتگیرترە و ونبووانی (جەنگی ئێران – عێراق، کیمیاباران، ئەنفال، کۆڕەو، شەڕی ناوخۆ) و ئەوانەی بەهۆکاری تر ونبوون لەخۆگرتووە. (توێژەران)

١٦- محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥.

١٧- منداڵە گەڕاوەکان بەپێی یاسا و شەرع پشکیان هەیە لەو میراتەی کە لە خێزانەکانیانەوە بۆیان بەجێماوە، یاخود ئەو سالانەی کە مووچەی شەهیدانەیان وەرگیراوە، بۆیە ئەمە بابەتێکی جددییە و کێشەی بەدواوەیە، لە کەیسی هەندێک لە منداڵە دۆزراوەکاندا ئەم حاڵەتە ڕوویداوە. (مەحمود، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٢/١)

١٨- ئەم حاڵەتە زیاتر ئەو منداڵانە تووشی دەبن کە لەلایەن خێزانێکی فارسی زمان هەڵگیراونەتەوە و بەخێوکراون، عەلی مورتەزا کیانی (زمناکۆ حەمەسەعید)، مریەم باروچیانی (ژیان کامەران) و ئەعزەم مووسا) نموونەی ئەم حاڵەتەن، بەڵام ئەوانەیان کە لەلایەن خێزانێکی کوردەوە هەڵگیراونەتەوە و بەخێوکراون ئەوە کێشەی زمانیان نییە، ماردین مەحموود و ئالان تۆفیق نموونەی ئەم حاڵەتەن. (توێژەران)

١٩- گەورەبوونی ئەو منداڵانە لە ئامێزی خێزانێکی فارسی شیعە مەزهەب، وایکردووە کە ئەو منداڵانە جگە لە وەرگرتنی دابونەریتی ئەو خێزانانە لە ڕووی مەزهەبیشەوە بە پەروەردەیەکی شیعی پەروەردە ببن، بێگومان ئەوەش

جیاوازیی کلتووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دواتر بۆ ئەو منداڵانە دەبێت بە گرفت. (توێژەران)

٢٠. ماردین مەحموود، عەلی مورتەزا کیانی (زمناکۆ حەمەسەعید) و مریەم باروچیانی (کە سەرەتا وا ڕاگەیەنرا هاوناز ئەحمەد بێت، بەڵام دواتر دەرکەوت پشکنینەکەی هەڵە بووە) نموونەی ئەم حاڵەتەن. (ژیان، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٣٠ ؛ فەتاح، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/١/٢٠؛ محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

٢١. نزیکەی (١٠) خێزانی هەڵەبجەیی لە ڕێگای تاران ـ کرمان ـ بلوجستان چوونە شاری کوەیتەی پاکستان و دواتر ئیسلام ئاباد، دوای سێ ساڵ مانەوە لە کوەیتە، بەهۆی خراپیی بارودۆخیانەوە و لەسەر داواکاریی خۆیان گوازرانەوە بۆ ئیسلام ئاباد، لەوێش نزیکەی نۆ ساڵ مانەوە، دواتر ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە چەند کاتێکی جیاوازدا ئەو خێزانانەی ڕەوانەی ئەم وڵاتانە کرد: (١) نیوزلەندا، (٣) ئوستراليا، (٣)ئەمریکا، (١) فنلەندا، (١) سوید، (١) سویسرا. : مەلا محەمەد ئەو تاکە خێزانەی هەڵەبجەیە کە نێردراوە بۆ وڵاتی نیوزلەندا. (مەلا محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٦/٧/٢٨)

٢٢. بڕوانە: ڕ(ڕێبازی نوێ)، ژ(١٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ل٣؛ کانوونی یەکەمی ٢٠١٩: ١٠٧-١٠٨.

٢٣. دوای گەڕانەوەی خەڵکی بۆ شارەکە و سنوورەکە، زیاتر لە خەمی بنیاتنانەوەی ماڵ و خانووە وێرانبووەکانیان و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی سەختی ئابووری دەیەی نەوەدی سەدەی ڕابردوو بوو کە ڕووبەڕووی تەواوی ناوچەکانی کوردستان ببوویەوە، ئەمە سەرباری شەڕی ناوخۆی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان تەنانەت درێژەکێشانی هەتا ساڵی ٢٠٠٣، کە بەشێکی زۆری خزێنرابوویە سنووری هەڵەبجەوە، ئەو کێشە و گرفتانە وایانکرد، کە خەڵکی نەک دەرفەتی گەڕان، بەڵکو بیرکردنەوەشی نەبێت لە گەڕان بەدوای چارەنووسی منداڵە ونبووەکانیاندا. (توێژەران)

٢٤- ئەو دوو منداڵەش بریتین لە ماردین مەحموود و ئیبراهیم ئەحمەد. (مەحمود، هەڵەبجە: ٢٠٢٠ /١/٢٠ ؛ محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

٢٥. عەلی مورتەزا کیانی (زمناکۆ حەمەسەعید) یەکەمین منداڵی ونبووی هەڵەبجەیە کە دۆزراوەتەوە، کە لە ساڵی ٢٠١٠دا لە ڕێورەسمێکدا لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بە کەسوکارەکەی شادبوویەوە، باوکی لە ژیاندا نەماوە و دایکی هاوسەرگیری کردووەتەوە. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

٢٦- بەوتەی لوقمان عەبدولقادر، دوای سەردانی شاندێکی هاوبەشی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە و گۆران ئەدهەمی قایمقامی هەڵەبجە بۆ ئێران و بینینی ئەحمەدی نەژادی سەرۆک کۆماری ئێران و کردنەوەی ئەو بابەتە لەگەڵیاندا، ناوبراو داوای لێکردوون کە بۆ ئەو کەیسە چاویان بە ئاغای زەریبافان سەرۆکی دامەزراوەی بونیادی شەهیدی ئێران کە هاوکات ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بووە بکەوێت. زەریبفان لەو دیدارەدا بە ئەوانی ڕاگەیاندووە، کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵی ونبووی هەڵەبجە تا ئێستا لە ئێرانن و لە ژیاندا ماون، بەڵام بۆ هەڵدانەوەی ئەم بابەتە و کار لەسەر کردنی پێویستە ڕێوشوێنە یاساییەکان لەسەر ئاستی هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق بگیرێتەبەر، بەشێوەیەک لە ڕێگەی پەرلەمانی عێراقەوە نووسراو ئاراستەی پەرلەمانی ئێران بکرێت، هەتا لەو ڕێگەیەوە حکومەت و پەرلەمانی ئێران بتوانن لە ڕێگەی ڕێکارە یاساییەکانەوە کارئاسانی بۆ دۆزینەوەی منداڵەکان بکەن، بەپێچەوانەوە یاسا و ڕێساکانی ئێران و بەتایبەتی خانەی بێسەرپەرشتان (بیهزستی) کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک مەرج و ڕێنماییدا منداڵی بێسەرپەرشت وەردەگرن و ڕادەستی ئەو خێزانانەی دەکەن کە توانای بەخێوکردن و لەخۆگرتنی منداڵی بێسەرپەرشتیان هەیە بە ئاسانی ڕێگەی هەڵدانەوەی دۆسیەی ئەو منداڵانە نادەن. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

٢٧. بەوتەی بەشێک لە کەسوکاری منداڵە ونبووەکان، لەوانە: ئەڵوەند عەلی مەحمود، ئاراس عابد، سەلام عەلی کەریم، فەخرەدین سەلیم، چرۆ طیب عەلی و محەمەد حەمەسەعید) کە خاوەنی منداڵی ونبوون، دوای گەڕانەوەی عەلی

مورتـــەزا کیـــانی (زمنـــاکۆ حەمەســـەعید) ئومێـــدی دۆزینـــەوە و گەڕانـــەوەی منداڵـــەکانیان لـــەلا دروســـتبووە، هەربۆیـــە لـــە ڕێگـــەی کۆمەڵـــەی قوربانییـــانی کیمیابـــارانی هەڵەبجـــەوە بەپێـــدانی زانیـــاری لـــەبارەی منداڵەکانیانـــەوە هـــەوڵی سۆراغکردنی ونبووەکانیان داوە، هەندێکیشیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێشتر هـــەوڵی تاکەکەســـییان داوە بـــۆ دۆزینـــەوەی منداڵـــەکانیان، بـــەڵام هەوڵـــەکانیان بەرهـــــەمی نـــــەبووە. (مـــــەحمود، هەڵەبجـــــە، ٢٠١٩/١٠/١٥؛ عابـــد، هەڵەبجـــە، ٢٠١٣/١٢/٢٨؛ سەلیم، هەڵەبجە: ٢٠١٥/٧/١١؛ کەریم، سلێمانی: ٢٠٢٠/٨/٢٦؛ عەلی، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٢٧)

٢٨. عەبدوڵڵا جەودەت قوربانی ئەم حاڵەتەیە، ناوبراو لەکاتی پاشەکشەی سوپای عێراقدا لەگەڵ دوو منداڵی دیکەدا لەبەر هەر هۆکارێک بێت سوپا لەگەڵ خۆیاندا بردوونی و لە نزیک شاری موسڵ دایانگرتوون، دواتر عەبدوڵڵا لەلایەن خاوەن چێشتخانەیەکەوە کە خەڵکی قەزای ئاکرێ بووە دەبرێتەوە بۆ ماڵەوە، هـەمان خێـزان پـەروەردە و گـەورەی دەکـەن، نـاوبراو ئێسـتا لـە شـاری دهـۆک نیشـتەجێیە، چەند جارێک بۆ سۆراغکردنی کەسوکارەکەی سـەردانی کۆمەڵـەی کیمیابـاران و فەرمانگـە پەیوەندیـدارەکانی هەڵەبجـەی کـردووە، بـەڵام بـەهۆی درێژەکێشـانی دۆسیەکە و ساردیی مامەڵـەی فەرمانگەکان لەگەڵیدا، بڕیاریداوە چیتر بەدوای کەیسەکەی نەکەوێت. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

٢٩ـ مریـەم باروچیانی(ژیـان کامـەران) و ئـەعزەم مووسـا نموونـەی ئـەم حاڵەتەن. (توێژەران)

٣٠. لوقمان عەبدولقادر ئاماژە بە حاڵەتێکی لەم شێوەیە دەکات، ئەو دەڵێت: چەند ساڵێک بەر لە ئێستا سۆراغی منداڵێکی ونبووی لە ڕەگەزی مێینـەمان لـە تـاران کـرد، دوای چەنـد جارێـک لـە بینـین و وەرگرتنـی زانیـاری لەبـارەی کەسـوکارەکەی، بۆمـان دەرکـەوت کـە منـداڵی خێزانێکـە لـە ناحیـەی سـیروان، منداڵەکە پێی ڕاگەیاندین ئەگەر ئەندامێکی پلەیەکی خێزانەکەی (دایک، باوک، برا و خوشک) لە ژیاندا مابن ئامادەیە کە بگەڕێتەوە، بەپێچەوانەوە ئامادە نییە ژیان لـە خـۆی تێکبـدات، دوای بـەدواداچوون بۆمـان دەرکـەوت کـە هـیچ یـەکێک لـە

ئەنـدامانی خێزانەکـەی لـە ژیانـدا نـەماون، بۆیـە ئامادەنـەبوو کـە بگەڕێتـەوە. (محەمەد، هەڵەبجە: ٢٠١٩/١/٢٥)

٣١. عەلی مورتەزا کیانی (زمناکۆ حەمەسەعید) و ئەعزەم مووسا نموونـەی ئـەم حاڵەتـەن، لـە هەردووکیانـدا بابـەتی میـرات سـەری کێشـاوە بـۆ کێشـەی کۆمەڵایەتی. (محەمەد، هەڵەبجە، ٢٠١٩/١/٢٥؛ عەلی، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٢٧)

٣٢. عەلی مورتەزا کیانی (زمناکۆ حەمەسەعید)، مریەم باروچیانی (ژیان کامەران)، ئەعزەم مووسا نموونەی ئەم حاڵەتەن.

٣٣. عـەلی مورتـەزا کیانی (زمناکۆ حەمەسـەعید)، مریـەم باروچیانی (ژیـان کامەران)، ئەعزەم مووسا نموونەی ئەم حاڵەتەن.

٣٤ـ ئـەم حاڵەتـە وەک یـەک ڕووبـەڕووی هـەموو منداڵـە دۆزراوەکـان دەبێتـەوە، بەوتـەی لوقمـان عەبـدولقادری سـەرۆکی کۆمەڵـەی قوربانییـانی کیمیابـارانی هەڵەبجـە عـەلی مورتـەزا کیـانی (زمنـاکۆ حەمەسـەعید) لـەو چەنـد ڕۆژەی سـەرەتادا کـە گەڕێنراوەتـەوە بـۆ هەڵەبجـە بـە مەبەسـتی سـۆراغکردنی، نزیکەی هەفتەیەک لە ماڵی ئەوان بووە، ئەو چەند ڕۆژە ترس و پەشۆکاوییەکی زۆری پێـوە دیـار بـووە، تەنانـەت نـانی نـەخواردووە و قسـەی لەگـەڵ کـەس نەکردووە، چەندین هەفتـەی ویسـتووە هـەتا بارودۆخی دەروونـی کـەمێک ئـارام بووەتـەوە. (محەمـەد، هەڵەبجـە: ٢٠١٩/١/٢٥) عـەلی مورتـەزا کیانی(زمنـاکۆ حەمەسەعید) خۆشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەو ڕۆژانەی سەرەتا بارودۆخی دەروونی زۆر ناجێگیر بووە، دوو وڵات و دوو کلتووری تەواو جیاواز ئەویان تووشی شۆک کردووە، تەنانەت ئەو دابڕان و بارودۆخە دەروونییە وایکردووە هـەتا ئـەمڕۆش پێـوەی دیاربێـت و هێشـتا وەک پێویسـت شـوێنی خـۆی نەکردووەتـەوە لـەناو ژینگـە نوێیەکەیدا (کوردسـتان). (حەمەسـەعید، سلێمانی: ٢٠٢٠/٨/٢٦)

٣٥. هەریەکە لە ئالان تۆفیق و عەلی مورتەزا کیانی(زمناکۆ حەمەسەعید) و مریەم باروچیانی (ژیان کامەران) و ئەعزەم مووسا نموونەی ئەم جۆرە حاڵەتەن. (باروچیانی، هەڵەبجە:٢٠٢٠/٨/٣٠ ؛ حەمەسەعید، سلێمانی: ٢٠٢٠/٨/٢٦)

٣٦ ئالان تۆفیق و ئەعزەم مووسا نموونەی ئەم جۆرە حاڵەتەن، کە هەردووکیان کێشەکەیان سەری کێشا بۆ جیابوونەوە لە هاوسەرەکانیان. (توێژەران)

**سەرچاوەکان:**

**- یادداشت:**


- ـ ئیبـراهیم هـەورامانی: کامـەران نـەورۆز یاداشـتەکانی شـاهیدحاڵێک، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٧.
- ـ ئیبراهیم هەورامانی: بۆ مێژوو یاداشتەکانی شایەتحاڵێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١٧.
- ـ شەوکەتی حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٨.
- ـ عومـەر عەبـدول: زەواره مرۆڤێـک دووجـار شـەهید (شـاهیدحاڵی کارەساتی ١٩٨٨/٣/١٦)، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.
- ـ نەوشـیروان مسـتەفا ئـەمین: خولانـەوه لـەناو بازنـەدا دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چـاپی دووەم، چـاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، ١٩٩٩.
- ـ هیدایـەت اللـه بهبـودی: بـەرەو هەڵەبجـە، وەرگێڕانـی عومـەر عەبـدول، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
- ـ د. هێرش محەمەد ئەمین: لە هەڵەبجەوە بۆ نوگرەسـەلمان، چاپی دووەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ـ یاسین ڕەسوڵ عوسمان: ئاوازی مەرگ سـەمای هەڵەبجەییەک لەگەڵ بۆنی سێودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨.

**. چاوپێکەوتنەکان:**

- ـ چاوپێکـەوتنی تـوێژەران لەگـەڵ ئـاراس عابد(تاقانـەی ڕزگـاربوو و سـەرۆکی پێشـووتری کۆمەڵـەی قوربانیـانی کیمیابـارانی هەڵەبجـە)، هەڵەبجە، ٢٠١٣/١٢/٢٨.

- ـ چاوپێکـەوتنی تـوێژەران لەگـەڵ ئەحمـەد عەبـدولقادر، هەڵەبجـە، ١٩/ ٢٠١٦/٣.

- ـ چاوپێکـەوتنی توێژەران لەگـەڵ ئـەڵوەن عـەلی مەحمود(خوشـکی دوو منداڵی ونبوو)، هەڵەبجە، ٢٠١٩/١٠/١٥.

- . چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ چرۆ طیب عەلی(تاقانە و خاوەنی دوو منداڵی ونبوو)، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/٨/٢٧.

- ــ چاوپێکــەوتنی تــوێژەران لەگــەڵ حەمــەی حەمەســەعید، تەوێڵــە، ٢٠١٣/٥/١١.

- ـ چاوپێکـەوتنی تـوێژەران لەگـەڵ ڕوونـاک عەبدولکـەریم عەبـدولڕەحیم، هەڵەبجە، ٢٠١٩/١١/٢٠.

- ـ چاوپێکـەوتنی توێژەران لەگـەڵ سـەلام عـەلی کـەریم(خاوەنـی منداڵێکی ونبوو)، سلێمانی، ٢٠٢٠/٨/٢٦.

- ــ چاوپێکــەوتنی تــوێژەران لەگــەڵ عــەلی سـۆفی سـاڵح، هەڵەبجــە، ٢٠١٧/٣/٢٨.

- ــ چاوپێکــەوتنی تــوێژەران لەگــەڵ عــەلی مــەلا محەمــەد(ئاوارەبووی پاکستان)، هەڵەبجە، ٢٠١٦/٧/٢٨.

- ــ چاوپێکــەوتنی تــوێژەران لەگــەڵ عــەلی مورتــەزا کیانی(زمنــاکۆ حەمەسەعید)(منداڵی ونبوو)، سلێمانی، ٢٠٢٠/٨/٢٦.

- ـ چاوپێکـەوتنی تـوێژەران لەگـەڵ عوسـمان صـاڵح مـەحمود(پارێزەری کەیسی چرۆ طیب عەلی و ئەعزەم مووسا)، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/٢/١.

- ـ چاوپێکـەوتنی تـوێژەران لەگـەڵ عوسـمان محەمەد(منـداڵی ونبـوو و بریندار)، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/١/٢٠.

- ــ چاوپێکــەوتنی تــوێژەران لەگــەڵ عیــززەت شــەفیق(ئەندامی تیمــی کۆکەرەوەی لاشەی مردووان)، ٢٠١٣/١٠/٢٥.

- . چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ فەخرەدین سەلیم(خاوەنی منداڵی ونبوو)، هەڵەبجە، ٢٠١٥/٧/١١.

- . چاوپێکـەوتنی توێژەران لەگـەڵ لوقمان عەبدولقادر(سـەرۆکی کۆمەڵـەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە)، هەڵەبجە، ٢٠١٩/١/٢٥.

- ــ چاوپێکــەوتنی تـوێژەران لەگــەڵ مــاردین مــەحمود فەتاح(ســەرۆکی ڕێکخـراوی منداڵـە ونبووەکـانی هەڵەبجـە و منـداڵی ونبـوو)، هەڵەبجـە، ٢٠٢٠/١/٢٠.

- ـ چاوپێکـەوتنی توێژەران لەگـەڵ محەمـەد سـەعید(برای منداڵی ونبـوو)، هەڵەبجە: ٢٠٢٠/٨/٢٩.

- ـ چاوێکـەوتنی تـوێژەران لەگـەڵ محەمـەدی حـاجی مـەحمود، گوڵەخانـە، ٢٠١٣/١١/٢٥.

- ـ چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ مریەم باروچیانی(ژیان کامەران) (منداڵی ونبوو)، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/٨/٣٠.
- ــ چاوپێکـەوتنی تـوێژەران لەگـەڵ هۆشـمەند موراد(ئەنـدامی کۆمەڵـەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە)، هەڵەبجە، ٢٠٢٠/٣/٧.

**ـ کتێبەکان:**

**کوردی/**

- ــ عــادل صــدیق: کۆمــەڵکوژی کــورد لــە جــەنگی ئێــران عێراقــدا، هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦) بەنمونە، چاپخانەی ڕێنوێن، ٢٠١٨.
- ـ میدڵ ئیست ووۆچ: جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سـەر کورد، و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- ـ هاودەنگ محەمـەد فەرەج(ئامادەکردن): ڕۆڵمەڵخـەزای هەڵەبجە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣.
- ـ هـەورامان تۆفیق: هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

**عەرەبی/**

- ـ طه بابان: عالم الکرد المرعب، الطبعة الاولی، المدیریة العامة للطباعة والنشر، السلیمانیة، ٢٠٠٢.

**فارسی/**

- ـ محمد باقرنیکخواه بهرامی: جنایت جنگی، حملات شیمیایی عراق در جنگ با ایران، چاپ اول، مرکز اسناد وتحقیقات دفاع مقدس، ۱۳۹۱شمسی.

- ـ یدالله ایزدی: عملیات والفجر۱۰، بمباران شیمیایی حلبچه، فشاری جهانی به ایران برای بذیرش قطعنامه۵۹۸ (۲۳ اسفند ۱۳۶٦ تا ۲۷ فروردین۱۳٦۷)، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، چاپ اول، تهران، ۱۳۹۲شمسی.

**ـ گۆڤارەکان:**

**کوردی/**

- ـ عادل صدیق: کاریگەری کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر ڕەوشی مرۆیی خەڵکی شارەکە، گۆڤاری خاڵ، ژ(۲٦)، کانوونی یەکەمی ۲۰۱۹.

- ـ عادل صدیق : پەرەسەندنی مێژوویی مزگەوتەکانی هەڵەبجە، گۆڤاری خاڵ، ژ(۲۰)، کانوونی یەکەمی ۲۰۱۸.

**فارسی/**

- ـ جنگیز پهلوان: تحرکات جمعیتی در حوزه تمدن ایران، اطلاعات سیاسی ـ اقتصادی، شماره ۱۲۳ـ۱۲٤، سال دوازدهەم، تهران، ازرودی۱۳۷٦.

- ـ یدالله ایزدی: گزارش عملیات والفجر۱۰، نگین ایران (فصلنامه تخصصی مطالعات دفاع مقدس)، سال یازدهم، شماره(چهلم)، بهار۱۳۹۱شمسی.

- ـ يدالله ايزدى: بمباران شيميايى حلبچه، تكرار فاجعه هيروشيما، نگين ايـران (فصـلنامه تخصصـى مطالعـات دفـاع مقـدس)، سـال دوازدهـم، شماره(چهل و چهار)، بهار١٣٩٢شمسى.

**ـ ڕۆژنامەکان:**

- ـ ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)، ژمارە(١٠)، ١٩٨٨.
- ـ مامۆستا مەحمودی ئازادی، بەرپرسی لیژنەی کۆکردنەوەی تەرمـەکانی هەڵەبجە(زیاتر لـە سێ هـەزار جـەنازەمان لـەناو هەڵەبجـە کۆکردەوە و کردمـان بـەژێر گڵـەوە، ئامـادەکردنی: ئـارام: سـەعید، ڕۆژنامـەی(ئازاری هەڵەبجە)، ژمارە(٣)، ساڵی سێیەم، ٢٠١٧/٣/١٥.

**ملخص:**

مثّلَت حادثة قصف حلبجة بالأسلحة الكيماويـة آخـر حلقـة مـن الحـرب الداميـة بـين إيـران والعـراق التـي استغرقت ثمـاني سنوات، وكانـت الحـرب صـفحة مليئـة بالمآسي للكورد وحركته التحررية في ثمانينات القرن الماضي، قدمت الكرد علـى إثرها الكثير من التضحيات على أرضـه دون أن يكـون طرفـا رئيسيا فـي الصـراع التاريخي الطويل بين الدولتين الجارتين وشكلت صـدمة ليس للكُرد فقط بـل العـالم أجمع.

تركت مآسي القصف الكيماوي تداعيات كثيرة وطويلة، يقف هذا البحـث علـى جانب منها وهو فقدان أطفال المنطقة أثناء الحادث، وبحسب إطـار الدراسـة قسمنا المتحـوى علـى فصـلين، فـي الأول بحثنـا الزمـان والمكـان لفقدان الأطفـال وآخـر الإحصـاءات المتـوفرة حـول ذلـك، وفـي الثـاني تناولنـا معوقـات العثـور علـيهم والمشاكل التي تنجم عن عودتهم إلى عوائلهم.

**Abstract:**

The chemical attack of Halabja was one of the last destructive events of eight years of the Iran-Iraq war. For the Kurdish movements, the chemical attack of Halabja was one of the most tragic disasters of the 1980s. Kurds and their land, Kurdistan, were sacrificed most in this war, although they did not belong to this historical and long-term conflict between the two countries. The chemical attack on Halabja was a great trauma not only to the Kurds but to the whole world. The accident left many negative consequences for the Kurdish society. This study is conducted to talk about one of the long-term problems that resulted from the attack; which is the loss of children during the accident. This paper is divided into two sections, in the first part; we talk about the event in terms of time, place, and the last statistics of the lost children. While, the second part shows the problems of the disappearance, as well as problems the children faced after their return.